خەبات
Khabat ,Fri,July. 3, 2009 No: 3215
Daily Newspaper *Kurdistan – Iraq*
Concessioner: **Ali Abdulla**
Editor -in - chief: **Nazhad Aziz Surme**
http://www.xebat.net
E -mail:info@xebat.net

لە لاپەڕەی (1) ەوە



## جێگری سەرۆکی ئەمەریکا بەسەردانێکی ڕانەگەیەندراو گەیشتە بەغدا

PNA– جۆ بایدنی جێگری سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بە سەردانێکی ڕانەگەیەندراو گەیشتە بەغدا. جێی ئاماژەیە، "باراک ئۆباما"، سەرۆکی ئەمەریکا، "جۆبایدن"ی جێگری ڕاسپاردووە، بۆ ئەوەی لەنزیکەوە بەدواداچوون بۆ ئەو پرسە سیاسیانە بکات، کە تا ئێستا لە ئێراق بەهەڵپەسێردراوی ماونەتەوە و چارەسەر نەکراون، بەتایبەتی پرسە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵ. پێشتریش دکتۆر "مەحمود عوسمان" سیاسەتمەداری کوردو

بۆل 14

## سەرۆک وەزیرانی فەرەنسا بە سەردانێکی فەرمی گەیشتە بەغدا

**ئەسوات ئەلعێراق:** سەرۆک وەزیرانی فەڕەنسا فرانسۆ ڤیۆن، دوێنێ پێنجشەممە، بەسەردانێکی فەرمی گەیشتە شاری بەغداو ئەمەش یەکەم سەردانی سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتەیە لەدوای ساڵی 2003وە ئەنجامبدرێت. ڤیۆن لەم سەردانەیدا لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی ئێراق نوری مالیکی و بەرپرسانی دیکە کۆبۆوەو باس لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات کرا. جێگەی باسە ڤیۆن ڕۆژی 2009/6/4 لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ مالیکیدا ئاماژەی بەم سەردانە کردبوو کە هاوڕێ لەگەڵ

بۆل 14

## عەبدولقادر ئەلعوبەیدی: 130 هەزار سەربازی ئەمەریکی لە دەرەوەی شارەکاندا جێگیرن و هەرکاتێک پێویستمان بێت دەیانهێنینەوە

**رادیـۆ سـەوا:** حکوومەتی ئێراقی فیدراڵ، بە دووری نازانێت، جارێکی دی هێزەکانی سوپای ئەمەریکا بۆ نێو شارەکانی ئێراق بانگهێشت بکاتەوە.

لە میانی لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا، وەزیری بەرگری ئێراقی فیدراڵ، عەبدولقادر ئەلعوبەیدی، ڕایگەیاند: گەر بێت و، ڕەوشی ئەمنی بە شێوەیەک تێکبچێت، کۆنترۆڵی لە دەست هێزەکانی ئێراقی دەربچێت، ئەگەری ئەوە هەیە دووبارە بانگهێشتی هێزەکانی سوپای ئەمەریکا بۆ نێو شارەکان بکرێتەوە. ئەلعوبەیدی

بۆل 14

## پەیکەرێک بۆ ئۆباما لە پاریس

لەپاڵ پەیکەری ژمارەیەکی زۆر لە ناودارانی جیهان، پەیکەری سەرۆکی نوێی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش (باراک ئۆباما) چووە پاڵ ئەو پەیکەرانە کەلە مۆزەخانەی پاریس داندراون، ئەم پەیکەرە لەلایەن پەیکەرتاشی ناسراو (نیرێک سان چافرا)ی دروست کراوە.



## حەمە سەعید ئیبراهیم لەکارێکی شانۆییدا

هونەرمەندی شانۆکار حەمە سەعید ئیبراهیم پێیڕاگەیاندین وەک ئەکتەر بەشدارە لە شانۆگەریی من و شێت لە دەرهێنانی شانۆکار کارۆخ ئیبراهیم و لەنواندنی هونەرمەندان عومەر دڵپاک، حەمە سەعید ئیبراهیم، بەهمەن حاجی و چەندین هونەرمەندی دیکە، ئێستا لەکاری پرۆڤەن.




## نەجمەدین بابەکر سروودێک بۆ هەڵبژاردن پێشکەش بەفاتێ دەکات



**جەمال گردەسۆری:** هونەرمەند نەجمەدین بابەکر پێیڕاگەیاندین بۆ پشتگیری و ئومێدی سەرکەوتن بۆ لیستی کوردستانی سروودێکی بەناوی لیستی کوردستانی لە هۆنراوەو ئاوازی خۆی بەخشیوە بە هونەرمەند فاتێ لە چەند ڕۆژی ڕابردوو تۆمارکراوە، بەخشراوە بە میدیاکانی کوردستان، هیوای سەرکەوتن بۆ هونەرمەند نەجمەدین بابەکر و فاتێ دەخوازین وەک هونەرمەند

نەجمەدین گوتی: بەهیوام لیستی کوردستانی سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بهێنێت بەراستی ئەم دوو حزبە سەرەکییە توانیویانە خزمەت بە کوردستان بکەن لەزۆربەی بوارەکان کە هەنگاوی باشی هاوێشتووە و خاوەنی مێژوویەکن لە شۆڕش و هەزاران شەهیدیان لەپێناوی ئازادیی کوردستان بەخشیوە. شیاوی گوتنە سروودەکە لە تۆمارگەی ڕەسەن تۆمار کراوە.

ڤیزاژ

مەهە یا ڕۆژە یا ڕووی تۆیە دەرکەوت
شەوە یا زوڵفە یاخود موویی دڵجووت
دەمە یا نوقڵە یاخو خونچەیی کام
ئەوە دەندانە یا دوڕ یانە یاقووت
فیدای دەست و کەمانت بێت کوردی
دەپێکێ سێ و دوو هەم تاق و هەم جووت
(کوردی)

## حازم بندیان... دوو سرود بۆ هەڵبژاردن



وەک بەشداریبوونێکی هونەرمەندان بەسرودی نیشتیمانی لەهەڵمەتی هەڵبژاردندا هونەرمەند (حازم بندیان) دوو سرودی نوێی تۆمارکرد، یەکێکیان لەژێر ناوی (دەنگ دەدەین)ە، کەلە شیعری هەڤاڵ عەلی و ئاوازی خۆیەتی، سرودی دووهەمیان (لیستی کوردستانی)یە لە شیعری خاڵەڕەش ڕواندزی و ئاوازی فۆلکلۆرییە، هونەرمەند کە ئێستا سەرقاڵی کلیپکردنی ئەم دوو سرودەیە، گوتی: بۆ دەربڕینی هەستی خۆم وەک هونەرمەندێک بەرامبەر بە هەڵبژاردنی سەرۆک بارزانی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم و لیستی کوردستانی وەک پێشڕەوی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەییمان ئەم دوو سروودەم پێشکەش بە جەماوەرەکەم دەکەم، ئاواتمە کە هەموومان هاودەنگ بین بۆ دەنگدان بەراستی و بەقوربانیدان و بەبەخشش.

## لالۆ ڕەنجدەر خەریکی کەشتییەکەی نوحە

ئێستا من وەک لالۆ ڕەنجدەر... سەرقاڵم بەنووسینێک لەسەر سەلماندنی سۆمەرییەکان بە کورد...و...ڕەگ و ریشاڵی.. نەورۆز.. نەورۆزو کەشتییەکەی حەزرەتی نوح. نیازم لەم نووسینە بەشێوەیەکی ئاکادیمی ئەوسێ دەرگایە والاکەم کە هێشتا ئاوڕی جدییان لێ نەدراوەتەوە... لەنێو باسەکەدا تاوەکو ئێستا زۆر گرێکوێرەم بۆ کراوەتەوە... کە هیوادارم لەهەموو بوارەکانی مێژوویی و ئەدەبی و هونەری کەلکێکی زۆر ببەخشێ.. هەقە ئەوەش بڵێم دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن و دکتۆر نەجم ئەلوەنی و دکتۆر جەمال ڕەشید...و زۆر سەرچاوەی دی لە کوردی و عەرەبی و فارسی هاندەرمن بۆ ئەم پرۆژەیە، وەلێ من بەشێوەیەکی سەرەکی ئامانجم لەم لێکۆڵینەوە و لێتوێژینەوەیە... میتۆلۆژیای نەتەوەکەمە کە بتوانم لەو ڕێیەوە خزمەت بەهونەری گەلەکەم بکەم.



## جەژنی گوێ درێژ لە فەڕەنسا

بە سەدەها ئۆتۆمبیل ڕوویان لە شارۆچکەی (مارییە) کرد، کە کەوتۆتە باکووری پاریس–ی پایتەختی فەڕەنسا، ئەویش بەهۆی ئاهەنگێڕان بە جەژنی گوێ درێژان. لەو ئاهەنگەدا زۆربەی جۆرەکانی گوێ درێژ نمایش دەکرێن، وەک کەری ڕەش و کەری بۆربۆنی و کەری ئێرلەندی و کەری سپیی میسری و زۆر لە جۆرەکانی دیکە، بەڵام لە هەموویان سەرنجڕاکێشتر، کەری قوبرسییە کە ناوبانگترین جۆری کەرە. لە ئاهەنگەکەدا 250 کەر بەشدارییان کرد کە لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپییەوە هاتبوون. هەر لەو جەژنەدا جوانترین گوێ درێژ هەڵبژێردرا. جێی باسە ئەم ئاهەنگێڕانە بۆ چوارەمین ساڵە لەسەر یەک بەردەوامیی هەیە.

بڕوفایل

## ئەمڕۆ کورد پاشایە

دوژمنە شۆڤێنیستە سەرسەختەکانی کورد لەبەرەبەیانی مێژووەوە هەتا ئیمڕۆش بەجۆرەها شێواز هەوڵی بێهودە دەدەن و بانگەشەی مایەپووچ بڵاودەکەنەوە لەپێناو بچووککردنەوەی کێشەی کورد و گوایا دیزەبەدەرخۆنەکردنی و تەنانەت بێ شەرمانە شک و گومان و ئەگەرو لەمپەر دەخەنە بەردەم دواڕۆژە پرشنگدارەکەی، زۆرجار بە ئەنقەست و بەچڕەدووکەڵی تەمومژاوی و بەهاوێنەی لێڵ سەیری گشت پێشکەوتنە شارستانی و ئاوەدانییەکان دەکەن، لەرۆژگارە شوومەکاندا بەخلیبان بە دەبە بەنزینێک و جلیکانە گازوایلێک و بەرمیلە نەفتێک دەبرد نەبادا کورد دەربیهێنێت و تۆزقاڵێک خۆی و بن باڵی نەوەکانی پێ گەرم بکاتەوە. بەڵام سوننەتی ژیان و ئیرادەی گەلانی بندەستەو ئەزموونی گەلانی ژێر دەستە سەلماندوویەتی کە مەحاڵە پەتی دیلێتی و کۆیلایەتی و چەوساندنەوەو زوڵمی ڕەها تاسەر بێت، ئەزموونی هەرێمی کوردستان پاڵپشتە بە خەباتی مێژوویی و ڕاکێشانی جوگرافی دانیشتوان و تۆپۆگرافیای ناوچەکەو جێپێگە جیۆپۆلیتێکی و هایدرۆ پۆلۆتیکی و دەوڵەمەندی سەرچاوەو داهاتە سروشتییەکان و سەرچاوەکانی وزە، هەربۆیەشە دەتوانێت بە ئاسانی لەو داخراوییەی کە پێشتر بەسەریدا سەپێنرابوو ڕزگاری ببێت و تەنانەت ببەستریتەوە بەجیهانی دەرەوە نەخاسمە لەرێگەی بۆڕیبە نەفتی و گازییەکان (ئەوەی جێی ئاماژەپێکردنە هەندێک سەرچاوەی هەواڵی بەئینساف پرۆژەی هەناردنە دەرەوەی نەفتی کوردستانیان بە نەفتی ئاشتی لەقەڵەم دا) لەکەس شاراوەنییە کەسیاسەتی سەرکردایەتی کوردستانی سیاسەتێکی میانڕەوو واقیعبینانەو پراگماتی و نەفەس درێژو خۆڕاگرو حەکیمانەیە و هەرگیز مساوەمە و سەوداکاری لەسەر پیرۆزییەکانی کورد ناکات لەوەتەی هەیە جیاوازی لەنێوان خاک و داک دا نەکردووەو نایکات، هەرئەوەشە وایکردووە خەونە وەنەوشەییەکانی کورد ببنە ستوونێک لەئەمری واقیع و ببنە بورکانێک لە زرە خەونەکانی بێگانەکان لەگۆڕنێ، سیاسەتمەدارانی کورد چ لەبەغداو چ لە هەولێر پێش هەڵبژاردن و دوای هەڵبژاردنەکان لەجاران گەرمتر دەستی خەڵک دەکوشن و تەپڵی سەرکەوتنی هەردوو ژمارەی (54–12) بەڕێوەیە چونکە ئەو دوو ژمارەیە پیرۆزییەکانی کورد دەپارێزێ و تەنانەت داخوازییە نەتەوایەتی و نیشتیمانییە کوردستانییەکان سەقامگیرتر دەکات و بەردەوام لە بەردەم هەڕەشەکاندا حازر بەدەستن و ئەگەر دارو بەردیش نەبنە ماشە ئەوا شوکر بۆ خوا کورد بووە پاشا.

**لەتیف قادر نانەکەلی**



## ئافرەتە سەرنجڕاکێشەکە ئامادەی ئاهەنگی CMT دەبێت

کارۆلینا کۆرکۆڤا خانمە مۆدیلیستی چیکی خاوەنی نازناوی سەرنجڕاکێشترین ئافرەت بۆ ساڵی 2008 ئامادەی ئاهەنگی دابەشکردنی خەڵاتی موزیک CMT بوو کە لە ویلایەتی تینیس–ی ئەمەریکی بەڕێوە چوو. کۆرکۆڤا کە بەناودارترین مۆدێلیست دەژمێردرێ، لە کۆمپانیای ڤیکتۆریا سیکریت کە تایبەتمەندە بە جلوبەرگی ژێرەوە، کاردەکات.